www.hetaw.net
ژمارە (٨٠٢) چوارشەممە ١٥ی نیسانی ٢٠٠٩ی زایینی
ئاڵای ئازادی
هەموو چوارشەممەیەک



**شێرزاد فاتیح: دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی حکومەت لەبەرامبەر منداڵانو ژیانیاندا زۆرنو بەبیری تازەو پێشکەوتنخوازیو بەپێی پرۆگرامی نوێی سەردەمی دونیای نوێ چارەسەردەکرێن، نەک بەعەقڵی قەومیو عەرەبی ئیسلامی دەسەڵاتەکەی مالیکی، لەبەرئەوە ئەرکەکان زۆرنو دەبێ بەرلەهەر شتێک لەگۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە دەستپێبکات، تادەگاتە گۆڕینی عەقڵییەتی خەڵکو دەسەڵاتو تێڕوانیان بۆ منداڵان.**

# لە عیراقدا پێنج ملیۆن منداڵی بێ باوکو بێ سەرپەرشت هەیە

## شێرزاد فاتح بەڕێوەبەری سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان بۆ ئاڵای ئازادی

**ئا: ئیدریس عەلی**

بەڕێوەبەری گشتیی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان، ئاماژە بەهەلومەرجو ڕەوشی نالەباری منداڵانی عێراقو کوردستان دەکاتو ڕەخنەش ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسی دەکات بەوەی "نەیانتوانیوە کەشێکی مرۆیی بۆ منداڵانی ئەم وڵاتە فەراهەم بکەن".

شێرزاد فاتیح بۆ یەکەمینجار لەڕێگەی ئاڵای ئازادییەوە ئامارێکی ترسناک لەبارەی منداڵانی بێسەرپەرشت دەخاتەڕوو، "تەنها لەعێراقدا (پێنج ملیۆن) منداڵی بێ باوکو بێسەرپەرشت دەژینو ڕێژەی ئەو منداڵانەی بەهۆی جەنگەکانیشەوە ئاوارەبوون (٢٢٠)هەزار منداڵن".

**ئاڵای ئازادی:** دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس چاوەڕواندەکرا بەشێوەیەکی باش گۆڕانکاری لەژیانی خەڵکدا دروستبێت، بەڵام ڕەوشەکە هێشتا لەئاست ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکدا نییە بەتایبەت منداڵانی ئەم وڵاتە، لەوبارەیەوە بۆچوونتان چییە؟

**شێرزاد:** لەڕاستیدا من هیچ کاتێک هیچ جۆرە چاوەڕوانییەکم نەبوو لەوەی کە هەلومەرجی ژیانی خەڵکی باشتر بکرێت، لەئێستاشدا ئەوە زۆر زەحمەتە. ئێمە هەموو ستەمو مەینەتییەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی زیاتر لە٣٥ ساڵی ڕژێمی بەعسی خوێناویمان بینی، هێشتا برینەکانی بەعس بەجەستەی کۆمەڵگای کوردستانو عێراقەوە سارێژنەبوونو هەرگیزاو هەرگیزیش بیر ناچنەوە.

لەونێوەدا مرۆڤ دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات، ئایا چاوەڕوانی باشبوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵک لەپای چیو ئەو ئاسۆو ئومێدە بەچیو کێوە ببەستێتەوە؟ ئایا بەستنەوەی ئومێد بەوڵاتانی غەربو ئەمریکاوە، جێی ئومێدە؟ ئایا چاوەڕوانی لەکۆمەڵێک حزبی مەزهەبیو نەتەوەچێتی کە جگە لەبەرژەوەندی خۆیانو دەستو پێوەندەکانیانو گیرفانیانو حزبەکەیان هیچ بەرژەوەندییەکی تری خەڵکیان ئەسڵەن لەخەیاڵ نییە، جێی ئومێدە؟ ئەگەر هەر لەکوردستانەوە چاو لێبکەین تا خوارو ناوەڕاستیش، لەکوردستان هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (یەکێتیو پارتی) ١٨ ساڵە خەریکی چین، چییان بۆ منداڵانو خەڵکی ڕەشو ڕووتی ئەم وڵاتە کردووە، ئایا دەکرێت ئاسۆو ئومێدو چاوەڕوانی خەڵک بەوانەوە گرێ بدرێت؟ یان لەخوارو ناوەڕاستی عێراق چ ئومێدێک هەیە لەکاتێکدا چەند حزبێک جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە کە بەشێکی زۆریان پاشماوەکانی داروودەستەی بەعسنو بەشەکەی تریش چەند حزبێکی توندڕەوی مەزهەبیو قەومی عەرەبین کە دروستکراوی چەند وڵاتێکی دراوسێن؟، لەبەرئەوە بەشبەحاڵی خۆم هیچ چاوەڕوانییەکی باشبوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵک لەسایەی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا نابینم، حزبێکو بزووتنەوەیەکیش کە هەڵگری خواستو ئامانجو ئاواتەکانی خەڵک بێت لەئێستادا، بزوتنەوەی چەپو کۆمۆنیستییە کە تائێستا لەحاشییەی کۆمەڵگادا قەراری گرتووەو نەیتوانیوە ببێتە ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتو نەبووە بەئومێدی خەڵک نەلەکوردستانو نە لەعێراقیشدا، دیارە هۆکارو دەلیلەکانی نەبوونی ئەو بزوتنەوانەش بەئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتە زۆرنو لێرەدا پرسیار لەسەر ئەمە نییە تابێتە جێی قسەوباسی من، بەڵام هەر بەکورتی دەڵێم، چونکە ئەو بزوتنەوەیە دەستی دەسەڵاتدارانو تاڵانچیان لەبن هەمانەکەوە دەردێنێ، بەدەمو دان دژایەتی دەکەنو سەرکوتی دەکەنو بەهەڕەشەو کوشتنو تۆقاندن ناهێڵن خەڵک لەدەوری کۆببێتەوە.

ئاشکرایە کە منداڵانیش بەشێکن لەم کۆمەڵگایەو یەکێکن لەتوێژەکانی کۆمەڵگاو بەدەرنین لەو هەلومەرجەی کە لەگشتدا بەسەر کۆمەڵگادا سایە دەکات، بەڵام ئەوەش دروستە کە سەرباری ئەمەش چەند مەسەلەو کێشەی تایبەت هەیە سەبارەت بەچەند توێژێکی کۆمەڵگا کە لەگشتدا بەبڕوای من ئەمانە کێشەی تایبەتیو گەورەنو پێویستیان بەچارەسەری تایبەتیو بەرنامەی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنیان، وەک کێشەی کرێکاران، ژنانو منداڵان، مەبەستم ئەوەیە کە سەرباری ئەوەی کە شکڵو شێوەی دەسەڵات چییەو چۆنە، هەلومەرجی ژیانی خەڵکو باری ئەمنیو ئاسایشو... هتد، بۆ بەدەستهێنانی مافە فەردیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەم توێژانە، لەوانە ئێستا قسەی ئێمە بەتایبەت لەسەر توێژی منداڵانە، پێویستی بەخەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەیە، پێویستی بەپەروەدەی کۆمەڵایەتی گۆڕینی بیری تاکی کۆمەڵگا هەیە سەبارەت بەمەسەلەی منداڵان، پێویستی بەگۆڕانی ڕیشەیی هەیە لەعەقڵیەتی دەسەڵاتدارو سیاسەتواناندا، خۆ یەکێتیو پارتی ١٨ ساڵە ئیدعای ئازادیو دیموکراسیو بوونی ئەمنو ئاسایش دەکەن لەکوردستاندا، کەچی دەبینین ڕۆژانەش منداڵان توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێ، تووشی ئازارو پێشێلکردنی مافەکانیان دەبنەوە بۆنمونە: لەنێو ماڵان، قوتابخانەو کۆمەڵگادا، ئەی بۆچی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر مافەکانی منداڵانو بەیاساکردنیدا مێشێک میوانیان نییە؟!.

**ئاڵای ئازادی:** دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا تاچەند کێشەی منداڵی بەهەند وەرگرتووەو لەهەوڵی فەراهەمکردنی مافەکانی منداڵاندایە؟

**شێرزاد:** پێشتر ئاماژەم پێداو بەکورتی باسم لەوەکرد، کە کێن ئەو حزبانەی ئەمڕۆ لەعێراقدا جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە. بۆیە ئەو حزبانە هەر هەموویان لەچوارچێوەی یەک ئامانجو بەرنامەدا پۆلێنکراون، لێرەشەوەیە ئیتر ئەسڵەن حکومەتو دەسەڵاتە عروبە ئیسلامییەکەی عێراق هیچ لەهەگبەکەیاندا نییە بۆ منداڵان، هیچ چاوەڕوانییەکی لەداهاتوودا بۆ مافەکانی منداڵانو گرنگی پێدانیان لێ ناکرێت، چونکە دەسەڵاتەکەی مالیکیو هاوپەیمانانی دەسەڵاتێکی عەشیرەتی، مەزهەبیو قەومییە، ئەم دەسەڵاتە هیچ ئاشنایەتیو بەرژەوەندییەکی لەگەڵ کێشەو مافەکانی خەڵکو منداڵاندا نییە! نمونەش بۆ هەریەکێک لەوانەی دەیانەوێت ڕاستی ئەم قسانەیان بۆ دەرکەوێت ئەوەیە کێ دەیەوێت با سەردانێکی قوتابخانەکانی شارەکانی بەغداو ناوەڕاستی عێراق بکات وەک (البتاوین، نەهزە، غەزالیە، حەی فەزیلەو عەدالە)و چەند گەڕەکێکی تر کە پێشتر نەبوونو ئێستا خەڵک بەناچاری کردویانە بەشوێنی ژیانو حەوانەوەیان، بۆت دەردەکەوێت کە هەلومەرجی ژیانی مندڵان چۆنەو منداڵانی بێسەپەرشت لەچ هەلومەرجو مەرگەساتێکدا ژیان بەسەردەبەن.

لەو کاتەی لەبەغدا کارمدەکرد لەگەڵ منداڵانی بێسەرپەرشتدا، شتێک کە هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم ئەوەیە کە یەکێک لەمنداڵە بێسەرپەرشتەکان کە کچێکی تەمەن (١٥ بۆ ١٦) ساڵان بوو، باسی لەسەختی هەلومەرجی ژیانی خۆی دەکرد کەخەوتنو خواردنو نان پەیداکردنو کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی چین.

یەکێک لەو شتانەی کە باسیکرد، دەیگوت جگە لەو خەڵکانەی کە ڕۆژانە لەسەرجادەکان بەهەموو جۆرێک دەستدرێژی دەکەنە سەرم، بەشێکی تر لەوانە پۆلیسن، بەتایبەت پۆلیسەکانی بنکەی پۆلیسی (سەعدون)، ئەوان خۆیان بەپیلان تاوانم پێئەنجامدەدەنو دوایش تاوانبارمدەکەن بۆ ئەوەی زیندانیم بکەنو بکەومە بەردەستیانو دەستدرێژی سێکسیم بکەنەسەر.

ئەمە گۆشەیەکو نمونەیەکی زۆر بچکۆلەیە لەوەزعییەتی یەکێک لەو منداڵانەی کە بێسەرپەرشتەو هیچ کەسوکارێکی نەبوو، شەوانەش لەسەرجادەکان دەنوست. بۆیە حکومەتەکەی مالیکی جارێ خەریکی تەخشانو پەخشانکردنی سیاسەتی ڕاکێشانی پیاوە مەزهەبییەکانو شێخی عەشیرەتەکانە بۆ لای خۆیو دەسەڵاتەکەیو پڕکردنی گیرفانیانە، ئەسڵەن مالیکی کاری بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانو کێشەی منداڵانەوە نییەو پێشموایە نییە ئەم مەسەلەیە بکات بەئەجێندای کاری خۆیو حکومەتەکەی.

**ئاڵای ئازادی:** ئایا هیچ ئامارێکتان لەسەر منداڵانی ئیشکەرو بێسەرپەرشتو ئەوانەی لەژێر توندوتیژیدان لەبەردەستدایە، ئەو هەنگاوانە کامانەن کە ئێوە ناوتانن بۆ باشکردنی گوزەرانی ئەو منداڵانەو گەڕانەوەی ڕێزو ژیانێکی شایستە بۆیان؟

**شێرزاد:** ئەم پرسیارە مەودایەکی فراوانی هەیەو وەڵامی زۆر هەڵدەگرێت، سەبارەت بەو کێشانەی باسی دەکەیت، من بەگشتی چەند ئامارێکم لەبەردەستدان، دیارە سەرچاوەی ئەم ئامارانە تێکەڵنو یەک سەرچاوە نین، وەک: سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان، بڵاوکراوەکانو بەتایبەتیش بڵاوکراوە عەرەبییەکان، ڕاپۆرتی یونیسێفو خاچی سووری نێودەوڵەتی، ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانو بەدواداچوونو بابەتی نووسەرانو...هتد.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ئێستا لەعێراقدا زیاتر لەپێنج ملیۆن منداڵی بێباوک هەن، ئەوەی کە بەهەڵە پێی دەڵێن "هەتیو" ئەوانەی لەهەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی زۆر دژواردا ژیان بەسەر دەبەن، لەو پێنج ملیۆن منداڵەش، ٣٠% تەمەنیان لەژێر تەمەنی ١٧ ساڵیدایەو نەیانتوانیوە بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن، لەعێراقدا کۆی گشتیی ئەو قوتابیانەی بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردووە ڕێژەی دەچوونی منداڵان لە٤٠% تێپەڕی نەکردووە.

ژمارەی ئەو منداڵانەشی کە ئاوارەبوون لەساڵی ٢٠٠٧دا، ڕێژەکە گەیشتە (٢٢٠)هەزار منداڵ، سێیەکی ئەو منداڵانەش نەیانتوانی لەخوێندن بەردوامبن، ئەمە جگە لەوەی کە هەزار منداڵ هەر ئەسڵەن خۆیان ناونووسنەکردووە بۆ چوون بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان. سەرجەمی مانگانەش (٢٥) هەزار منداڵ ناچار بەدورکەوتنەوە لەشوێنی ژیانی خۆیانو ئاوارەبوون کراون لەئەنجامی توندوتیژیو کردەوەی تیرۆریستیو ترساندنو تۆقاندنی منداڵان لەعێراقدا.

هەربۆیە کە لەڕاپۆرتی یونیسێف بۆ ساڵی ٢٠٠٨ باس لەوەدەکات کە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عێراق منداڵان ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوەو هەلومەرجەکە بۆ منداڵان (اعتباطی)یە، یانی هەرچی بڵێی سەبارەت بەهەلومەرجی سەختی ژیانی منداڵان ئەشێ دروستبێتو لەوپەڕی خراپیدایە، لەبەرئەوە گرنگیدان بەمنداڵانی عێراق لەپێش هەموو منداڵانی دنیاوە باسی لێوەکرا.

سەبارەت بەهەلومەرجی سەختی ژیانی منداڵانیش، بەرپرسی ڕێکخراوی (دەنگی منداڵان) دەڵێ (١١)هەزار منداڵی ئالودەبوو بەمادە هۆشبەرەکانەوە تەنها لەبەغدا هەن، کە تەمەنیان لەژێر ١٢ ساڵیەوەیەو لەئێستادا بوون بەنێچیری گەورە هەوەسبازانو ڕۆژانە دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەرو بۆ ئەو مەبەستەش شوێنی تایبەت هەن لەبەغداو شارەکانی تر بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانە لەدژی منداڵان.

لەڕاپۆرتێکی تردا باس لەبوونی (١٣٠٠ بۆ ١٥٠٠) منداڵی زیندانی دەکرێت کە لەهەلومەرجێکی زۆر سەختو نامرۆییدا ژیان بەسەردەبەن، ئێمە سەرباری سنوورداری دەسەڵاتمان، بەڵام توانیمان سەردانی زیندانەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگریو عەدل بکەین، سەرباری نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بۆ منداڵانی زیندانی، سەرباری بەرزی پلەی گەرمی لەهاویندا نەبوونی هیچ ئامێرێکی فێنک کەرەوە، منداڵان بەشێوەیەکی بەردەوام تووشی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، هەر لەوبارەیەشەوە ڕۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانی باس لەو مەسەلەیە دەکاتو تەئکید لەسەر ڕاستیو دروستی ئەو کێشەیە دەکاتەوە. هەروەها ڕۆژنامەی "القدس العربی" باس لەنموونەی چەندین منداڵ دەکاتو لەوانە ناوی (عومەر عەلی) دێنێت کە تەمەنی ١٦ ساڵانەو ماوەی سێ ساڵە زیندانییەو هەموو لەشی زیپکەو دومەڵی لێهاتووە لەئەنجامی خەوتن لەسەر زەوی ڕەقو ئارەقەی ژێر خۆیانو بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کە لەنێو زیندان دەگاتە (٤٤) پلەی سەدی لەڕۆژداو هەروەها (٣٨) پلەی سەدی لەشەودا، بڕانی کارەباو نەبوونی ئاو بۆ خۆشتنو...هتد، سەرباری ئەمەش هەر ڕۆژەو بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن پاسەوانەکانی ئەو زیندانانەوە دەستدرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر.

پێشمخۆشە ئاماژە بەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان بکەمو دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئێمە وەک ڕێکخراوێکی خێرخوازیی کار ناکەین، واتە کاری مرۆیی وەک کۆمەککردنی منداڵانو چارەسەرکردنی منداڵانی نەخۆشو کۆمەکی مادیو....هتد بەشێکی کەمی کاری ئێمەیە، بەڵکو بەپلەی یەکەم نوکی کاری ئێمە ڕووی لەکۆمەڵگایە بۆ گرنگیدان بەمنداڵان، بۆئەوەی ڕێز بۆ منداڵان بگەڕێتەوەو هەموو تاکێکی کۆمەڵگاو دەسەڵات لەوەتێبگەن کە بەر لەهەر شتێک، دەبێ گرنگی بەمنداڵان بدرێت.

لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردووشدا، کاری زۆرمان بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا کردووە سەبارەت بەمافی منداڵان، زیاتر ڕووی کارەکانمان لەکۆمەڵگایە بەتایبەتیش لەقوتابخانەکانو دایکانو باوکان بوو، بۆ شارەزابوون لەپەروەردەو فێرکردنی منداڵ بەشێوەیەکی پێشکەوتووانەی سەردەمو ئاشنابوون بەمافەکانی منداڵان، لەگەڵ چەندین کاروچالاکی دیکە کە تەلەفزیۆنی (CIA)ی ئەمریکی ئاماژەی بەزۆرێک لەو چالاکیانەی ئێمە کردووە.

**ئاڵای ئازادی:** بەگشتیی ئەرکی دەسەڵاتو کۆمەڵگە چییە لەبەرامبەر ژیانی نالەباری منداڵانی ئەم وڵاتەدا؟

**شێرزاد:** دەکرێت لەڕوانگەی باری دەروونیو کێشەکانی منداڵانەوەو بەچاوخشاندنێکی خێرا بەسەر هەلومەرجی سەختی ژیانیادا ئەرکی دەسەڵاتو کۆمەڵگە لەم وڵاتەدا دەستنیشان بکەین. لەباری سایکۆلۆژییەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکی بەناوی (کاریل دی ڕوی)، "لەقۆناغی سەرەتاییدا زیاتر لە (٤) ملیۆن منداڵ هەیە کە لانی کەم ١٠% ئەم منداڵانە پێویستیان بەچارەسەری دەروونی هەیە کە بەهۆی شەڕی ئەمریکاو حکومەتی عێراقەوە تووشی شۆکی دەروونی بوون.

شەڕو ئاسەوارەکانی شەڕ کاریگەریو تارمایی زۆر خراپیان لەسەر منداڵان داناوە، باری دەروونی شێواوو ناجێگیر، بڕوا بەخۆنەبوونو ترسو دڵەڕاوکێ، سیمای خەماویو ...هتد، ئەمانە سادەترین دەرهاویشتەکانی شەڕە لەسەر منداڵان. پزیشکو پرۆفیسۆر (ماغن ڕاوندالن) کە بەڕێوەبەری پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی منداڵانە لەبەشی زانستە دەروونییەکانی زانکۆی بیرغنی نەرویجی لەوبارەوە نیگەرانی زۆری نیشانداوەو دەڵێ "منداڵانی عێراق وەک منداڵانێکی مردووی زیندوو وان، هەموو خۆشیو هەستو ئارەزووەکانیان لەدەستداوەو ناتوانن چێژ لەهیچ شتێک وەرگرن لەژیاندا".

هەروەها لێکۆڵەرەوەی باری دەروونی منداڵان (جیف سیمونز)یش دەڵێ "بەرزبوونەوەی ئاستی ڕەفتاری شەڕانیبوون لەنێو قوتابیاندا لە٦٠% زیادیکردووەو ئەو ڕێژەیەش هەمیشە ڕوو لەزیادبوونە".

بەپێی چەند سەرچاوەیەکیش، لە٢٠%ی قوربانییانی تەقینەوەکانی عێراق منداڵانن، یان ئەوەتا لەبەرامبەر پارەیەکی کەمدا منداڵان بوون بەنێچیری تیرۆریستانو بۆ کاری تەقاندنەوە بەکاریان دەهێنن. بڵاووبوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە، پیسبوونی ژینگە نەبوونی ئاوی پاک ئەنجامی ناپاڵمو ساروخە فسفۆڕیو ژەهراویو سوتێنەرەکان لەشارەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق، گەورەترین کارەساتی مرۆیی بۆ منداڵان دروستکردووە، کە حکومەتەکەی مالیکی ئەسڵەن ئاوڕیی لێنەداوەتەوە، لەم نێوەشدا نەوەیەک بەدەم دەردو سەدانو هەزاران نەخۆشییەوە دەتلێنەوە.

بۆیە دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی حکومەت لەبەرامبەر منداڵانو ژیانیاندا زۆرنو بەبیری تازەو پێشکەوتنخوازیو بەپێی پرۆگرامی نوێی سەردەمی دونیای نوێ چارەسەردەکرێن، نەک بەعەقڵی قەومیو عەرەبی ئیسلامی دەسەڵاتەکەی مالیکی، لەبەرئەوە ئەرکەکان زۆرنو دەبێ بەرلەهەر شتێک لەگۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە دەستپێبکات، تادەگاتە گۆڕینی عەقڵییەتی خەڵکو دەسەڵاتو تێڕوانیان بۆ منداڵان.



"١٨ ساڵە (یەکێتیو پارتی) خەریکی چین، چییان بۆ منداڵانو خەڵکی ڕەشو ڕووتی ئەم وڵاتە کردووە" فۆتۆ: marcgold